# شكانی گۆزەی ئەمجارە ؟!

## ئاسۆعەبدوللەتیف

کاتێ عەرەب بۆ پۆستێك یان ساختەکاری پرۆسەیەکی دیموکراسی شەڕدەکەن، ئەوە ڕێك شەری دژەکوردە بە مۆدێلێکی جیاوازەوە،شەری ئێستای ئەو هێزانەش شەری تەوافوقەو تەوافوقیش ئەو مۆدێلەیە کە هاوسەنگی دروست ئەکات و رەنگە دژی سەرەتاکانی دیموکراسیش بێت، چونکە کاڵ و کرچ و خێڵ و دەرەبەگ و لیبراڵ و دیموکراتخواز لە تایەکدا کۆئەکاتەوەو ئەیتوێنێتەوە، بۆیە دەشێت ئەم خەیاڵە وەك مەیلێك بە دەمارێك بچێتەوە سەر مۆدێلی کارکردنی بەعسیزم، ئاخر مۆدێلی بەعسیزم لە کورترین مانادا ئەکادیمیەك و رەئیس عورەفایەکی نەخوێندەوار یان سەرۆك عەشرەتێکی لە قاڵبێکدا را ئەگرت؟!

بۆیە لە ئێستاشدا دەبێت سەرکردایەتی سیاسی کورد لە ئەگەری پەراوێزبوون بترسێ وپێویستە گوێ بگیرێت لە خەونێك کە چەمکی ئۆپۆزسیۆن ئەکاتە ئەمری واقیع لە عیراقی نوێداو لەم ئۆپۆزسیۆنەدا ئەبێت کورد لەباشترین کاراکتەرو پاڵەوانەکانی بێت و خۆی ببوێرێت لە مەسەلەی پۆست و ئیمتیازە کەسیەکان وەك رۆحی بەرگریانە و تۆخکردنەوەی ئینتیمای شۆرشگێری و بەرهەمهێنانی مۆدێلێکی تر لە خەبات، کوردیش ئەوەندەی وەکو ئۆپۆزسیۆن سەرکەوتووەو مافەکانی لە بیرە ئەوەندە لەسەر کورسی ئەو مافانەی بۆ ناوترێت، لە راستیدا ئەوە هێزی راستەقینەی بەغداد نییە وەك پایەتەختێك کە ئێمە کێش ئەکات و ئەمانخاتەوە ناو یادەوەریەکانی خۆی بەڵکو هێزێکە ناسیۆنالیزمێکی تازەو پەرگیرو مەزهەبی ئەیجوڵێنێت و لە دواجاریشدا زیانێکی گەورە بە کوردو دۆزە رەواکەی ئەگەیەنێت، لەم نێوانەدا باشترە ئێمە سوود لە ئەزموونی خەڵکانی وەکو ئیبراهیم جەعفەری و سالح موتڵیگ وەربگرین و بزانین ئایا بەراست ئەم کاراکتەرە نەگەتیڤانە بەرانبەر بەکورد نمایندەی کێ و کام ئایندەی عیراقی ئەکەن و غروری ئەمان تا کوێ بڕ ئەکات و کێش ئەیانجوڵێنن؟ ئایا بەتەنها ئەوە بەسە ئێمە بە 53 کورسی پارلەمانیەوە شاندابدەینەوە لەئاست ئەو هەموو دەنگە دژانەداو نەزانین ئەجێندای راستەقینەی قازانج بە کورد کامەیەو کێن تا لەچوارسالی ئایندەدا ئێمە مامەڵەی ووردو زانستی بکەین، ئەگەرچی شەری ئێمە لە عیراقدا جارێ شەری ئاین و ئەجێنداو مەزهەب و ئەتنیك نییە ئەوەندەی شەری میزاج و ئەو بیرکردنەوە بەجێماوانەی رابردووە کە هێشتا لای زۆرێك لە نوخبەی سیاسی عەرەبی هەیەو کاری پێئەکرێت و بۆ راستکردنەوەی ئەوانەش پێویستمان بە زیاد لە چارەکە سەدەیەك ئەبێت، بەڵام ئایا بۆ ئەم چارەکە سەدەی دادێت کورد چۆن کار ئەکات و کام ئینستوتی لێکۆڵینەوەو زانکۆی نهێنی دائەمەزرێنێ تا بە گوتارو میتۆدی نەتەوەیی کاربکات؟ ئەی بەراست ئەوانەی کە نوێنەری ئێمەن بیریان لەوەها پرۆژەیەك کردۆتەوەو توانستی جێبەجێکردنیان هەیە؟

بەڵام ئایا ئەم خەونە دێتە دی؟ بەبێ ئەوەی ببینە ئۆپۆزسیۆن، وەیان کاری ئۆپۆزسیۆن کارێکی هێندە ئاسانە تا ئێمە خەیاڵ و فەنتازیای پێوە لێبدەین بەتایبەتی لە عیراقێکدا کە کراوەتە تەمبەڵخانەی حیزبی و مەزهەبی و بەناوی تەوافوق و ترس لە جەنگی ناوخۆوە رۆژانە ئەتکی دیموکراسیەت ئەکەن، بێ ئەوەی بزانن دیموکراسیەت ئەو چەمکەیە ئەبێت بە هۆشیاری یەوە مامەڵەو دەستکاری بکرێت و تەوافوق هەرگیز بە مانای دیموکراسیەت نایەت و ناشبێت درێژە بکێشێت و ببێتە کولتور، بەڵکو بە مانای تالانکردنێکی هێمن و لە سەرخۆی پۆست و ئیمتیازەکانی عیراقەو ئەمریکیەکانیش حەزی رازیبوونیان بۆ ئەم گەمەیە ئەجوڵێنن تا هیچ نەبێت دۆخی تیرۆر تا قۆناغ و زەمەنێکی تر مت بکەن، بەڵام رازیبوونی کوردیش لەم دۆخەدا مەترسیدارو ئاڵۆزە تا ئەوئاستەی لەم قۆناغەدا دۆستەکانمان ناناسینەوە، وە رازیبوونی کورد رازیبوونێکی تەندروست نییە بەڵکو رازیبوونی گوتارێکە کە مەرگی خۆی رائەگەیەنێت بێ ئەوەی کە هێشتا سنورو نیشتیمان و کیانەکەی بە سیاسی کرابێ و کەرکوك و پەنجاو هەشت یەکلا کرابێتەوە.

لەم هێز بەخشینە بە ئۆپۆزسیۆن بۆکورد سەرەتاکەی ئەوەیە کەئەجێندای خۆی گەورە بکات و هێزی پێ ببەخشێت تا بەرگەی کاریزماو ئەفسونەکانی بەغداد بگرێت و ئەوەندە توك نەرمانە نەیەتەوە سەر رێگا سەختەکانی عەرەب بۆ نکوڵیکردن لە بوون و قەوارەو زمان و جوگرافیای کوردەواری لە لایەن (ئەشباڵە) شۆفێنیەکانەوە، ئەمرۆ زۆرن ئەو کیانە سیاسیانەی کە بەشداری هەڵبژاردنیان کردو دواجار

رازی نابن به دەرەنجامەکانی و داوای تەوافوق ئەکەن تا بێنە ریزی هەموو ئەو دەنگانەی کوردو بەمەش هەم پۆستەکانی کورد لە سەلاحیات و لە بریارو دەسەلاتی قانوون کاڵ ئەکەنەوە و هەمیش خۆیان ئەخزێننەوە نێو هێزە شۆرشگێرو نیشتیمانپەروەرەکان.

ئەم دەنگە بەناو توڕانەی ئێستای شەقامی عەرەبی جگە لە خەونی گێرانەوەی فۆرمێکی تر لە بەعسیزم چیتر نییە، چونکە گەورەترین رەگەزی هێز لە بەعسیزمدا ئەوەیە دەتوانێ زۆر بە ووردی دەموچاوەکانی خۆی بگۆرێت و گۆران لە کارەکتەرەکانیدا دروست بکات، لە رێسا دیموکراسیە مۆدێرنەکانی غەربدا هەر هێزو گروپێکی سیاسی دیاریکراو کە بەشداربوو لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا مەرج نییە بەشداریش بێت لە پرۆسەی دەسەلاتداریدا چونکە ئەوە خەڵکە تۆ ئەباتە ناو کۆشکەکانی دەسەلات و ناوەندەکانی بریار نەك خۆت و بەرژەوەندی خۆت، ئەوەی لەم دیموکراسیەتەی عیراقدا روودەدات لە هیچ شوێنێکی دونیادا نییەو دواجاریش بەسەختی گۆزەکە لە سەری کورددا ئەشکێ و ئەم شکاندنەش بەشێکی سەرەکی ئەگەرێتەوە بۆ بێخەمی کورد خۆی، ئینجا بۆ ئەوانەی بەناوی تەوافوقەوە هاتنە ریزەوەو ئێستاش بنکەنی پۆست و سەلاحیەتەکانی کورد ئەکەن.

چونکە کورد لە ئێستادا پێشەنگێکی پر لە پشت و لە داهاتووشدا دڵتەنگێکی تەریك و رەگەزی مانەوەو دانوستانیشی لاوازە، چونکە کەم نین ئەو پۆستانەی کە ئەبەخشرێت بە سەرەك وەزیرانیشەوە کە دەبێت کورد واژۆی رەزامەندی لە سەر بکات، واتە کورد لە ئێستادا ئەتوانێت پۆست ببەخشێ، بەلام لە داهاتوودا بەئاسانی هێزگەلێك هەن کەپۆستی لێ حەرام ئەکەن و بەدرێژایی تەمەنی بەعسیەکانیش هەر بەو کولتورە کاریان کردووە تا هاتوونەتەسەر کورسی دەسەلات و هەموو ئەو ململانێیانەی کە روو ئەدەن جگە لە فۆرمێکی ساختە بۆ پەراوێزکردنی رۆڵی کورد لە عیراقدا چیتر نییە، ئاخر شەری ئێستای ئەوان شەرە بۆ کردنە دەرەوەی کورد بەو شێوەیەی کە ئەمرۆ ئەیخوازێت کە جیاوازە لە زمانی دوێنێ کە هێزی عەسکەریانە و چەك بوو.

لە پرۆسەی دیموکراسیدا ئەوەی گرنگە بردنەوە نییە ئەوەندەی هەستی بەرپرسیاری و چاودێریکردنە وەکو هێزی ئۆپۆزسیۆن، کۆمەڵگایەك بێ رەقیب و ئۆپۆزسیۆن کۆمەڵگایەکی زۆرەملێ و بەرژەوەندخوازانەی پروکێنەرەو نەفەسی دیموکراسیەت تا دوائاست تیایدا لاوازە، بۆیە هەم دەسەلات پێویستە رێز لەو بزوتنە بگرێت و هەم ئەو بزوتنەش دەبێت لە حاڵەتی پەراوێزکەوتنیاندا رێز بۆ دەنگی خۆیان دابنێن و حکومەتی بەرهەڵستکاری مەدەنی و چاوەدێری دروست بکەن ودەبێت چاوەروانی گەورەبوونی خەونی دیموکراسیەت و خەسڵەتی رەخنەو رۆحی ئۆپۆزسیۆنگەریانە و رۆژنامەی بە جورئەت بکەین،بەبێ بەهێزبوونی گوتاری سیاسی کوردیش بێگومان ئەو خەونە نایەتە دی و کوردیش بە جۆرێك لە جۆرەکان دەبێت خۆی بەبەشێك لە حکومەتی سێبەرو بەرهەڵستکاری مەدەنی بزانێت، نەك حاکم و دەبێت چاوبێت بۆ بینینی هەموو ئەو گەندەڵی و ناتەواویانەی کە لە عیراقی نوێدا روو ئەدات، دەستوەردان و حاکمیەت و چوونە قولایی دونیای عەرەبی و ساردبوونەوە لەو هەرێمە کوردیەی خۆمان رەنگە لە دەرەنجامدا کاڵکردنەوەی فیدراڵیەتی لێوە بەرهەم بێ و گۆزەکەش لە سەری کوردا نەشکێ، چونکە ئەوان هەم لە دروستکردنی گۆزەو هەم لە شکاندنیشدا بەهرەیەکی بالایان هەیە.